# پشتیوانی لەخواستەکانی خەڵکی کەلار ئەکەین
# ڕاپەڕینی گەورەی کەلار تائێستا سەرکەوتوە

ئەمڕۆ چوارشەممە بەرواری 2005/9/7 لەلایەن دەستەی بەمەدەنی کردنی کەلارو کۆمەڵەی گۆڕان، سەرپەرشتی ڕێپێوانێکی هیمنانە کرا بۆ بەردەم قائمقامیەتی کەلار، بۆ خواستی باش کردنی کارەباو ئاو و دابین کردنی پێداویستییەکانی خەڵك، سەرەتای کۆبوونەوەکە لەبەردەم سەنتەری هەڵەبجەو دواتر بەرەو بارەگای قائمقامیەتی قەزا بەرێکەوتن، ژمارەی خۆپیشاندەران زیاتر لە 2500کەس بوو، کە ئەمە گەورەترین ڕێپێوانی جەماوەرییە کە لەوشارەدا ئەکرێت بەرامبەر گەندەڵی دەسەڵاتداران.

نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە کەچووبوونە لای قائمقامی کەلار، هێشتا لەگفتوگۆکردندا بوون لەگەڵ قائمقام، کەچی بەبێ هیچ پاساوێك فەزای عەسکەری ئەو ناوەی داگرتو هەڕەشەوگوڕەشە لەخەڵكو چاوترساندن دەستی پێکرد، کە ئەمە وایکرد وەزعەکە ئاڵۆزتر بێت، هەرچی ئیدارەی حکومەتو جەنابی قائمقامیشە لەبەردەم خواستەکانی خەڵکدا بێدەنگبوونو بێوەلام بوون، بەڵام خەڵکی سوور بوون لەسەر ئەوەی کە قائمقام ئەبێت خۆی بێتو ڕاستەخۆ بۆ خەڵکەکە قسەبکات، بەڵام نەقائمقامو نە کەسیتر لەو ئیدارەیە جورئەتی خۆنیشاندانی خەڵکیان نەبوو، وەتەنها داوایان لەنوێنەران ئەوەبوو کە ئەو خەڵکە هێمن بکەنەوە، بەڵام نوێنەرەکان پێیان ووتوە "کە تۆ دوو ئاسایشت پێ هێمن ناکرێت ئێمە چۆن سەدان کەسمان پێ هێمن ئەکرێتەوە، ئەو خەڵکە بە دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانیان هێمن ئەبنەوە". ئەمەش ڕقو بێزای خەڵکەکەی زیاتر کردوهەڕەشەو چەك ڕووکردنە خەڵك لەلایەن ئاسایشەکانەوە ، وایکرد کەخەڵکەکە بکەونە بەردباران کردنی قائمقامیەتو جامی سەیارەو شوشەی بیناکەیان شکاندو لەولاشەوە تەقەیەکی ئیجگار زۆر کرا لەهاوڵاتیان بۆ بڵاوەپێکردنیان، کە لەئاکامدا زیاتر لە شەش کەس بەخەستی بریندار بوون، کە دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە دوان لەبریندارەکان گیانیان لەدەست دابێت. دوای ئەوەی کە ئەو ڕێپێوانە هێمنانەیە شێوێندراو وەك کردەوەی هەمیشەیی ئاسایش چەکی تیابەکار هێنرا بۆ سەرکوتی خەڵك، خۆپیشاندەران بڵاوەیان پێکرا، بەڵام نوێنەرانی خەڵکەکە ئێستا سەرگەرمی داڕشتنی نەخشەیەکی ترن بۆ چارەسەری وەزعەکەو هێمن کردنەوەیو خواستی دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی کە هۆکاری ئەو شێواندنەبوون لەئاسایشو پۆلیسەکان.

ئەمە یەکەمجار نییە کە ئاسایش بەم شێوازە نائینسانیو دوور لەهەربەهایەکی مرۆیی ڕەفتار ئەکات، تەنها لەماوەی دوومانگی ڕابردوودا ئەمە سێهەمین جارە کە تەقە لەخۆپیشاندەرانی بێچەك ئەکرێت، کە تەنها هێزە سەرکوتگەرو دیکتاتۆرەکان ئەم شێوازەیان هەیە. شایەنی باسە کە پارێزگاری سلێمانی ماوەی دوو ڕۆژە مۆڵەتی یاسایی خۆپیشاندانی (دەستەی داکۆکی لەڕووناکی خەڵك)ی بەبیانووی جۆراوجۆرەوە دواخستوەو بەنیاز نین ڕێگا بدەن کە خۆپیشاندان بکرێت لەسلێمانی بۆ خواستی باش کردنی کارەبا.

ئێمە لە کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان وێڕای پشتیوانی تەواومان لەو ناڕەزایەتیانەی خەڵك، هاوکات ڕایدەگەیەنین کە ئەبێت دەست بەجێ گیراوەکان ئازاد بکرێنو تاوانبارانیش بەسزای خۆیان بگەیەنرێن، هاوکات دەسەڵاتداران ئەبێت نیشانی بدەن کەئەگەر خزمەتی خەڵکیان پێناکرێت، با واز بهێنن. هەروەها بانگەوازی تەواوی خەڵکی کەلار ئەکەین کە لەسەر داواکاریەکانیان سوور بنو شێوازی خەباتگێڕانەیتر بگرنە بەر بۆ درێژەدان بە ناڕەزایەتیەکانیانو گەیشتن بەئامانجەکانیان.

بژی خەبات لەپێناو باشکردنی ژیان،

ڕیسوایی بۆ سەرکوتگەران.

## کۆنگرەی ڕفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

2005/9/7